# چەند سەرنجێ لەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

**بەشی دووەم**

**سەردار عەبدڵا حەمە**



ئەم حیزبە تەنها  لە تێروانین وپراکتیکی بۆ شۆڕش و سۆشیالیزم تووشی دابڕان نەبووە لە کۆمۆنیزمەکەی مەنسور حیکمەت وەك هاوڕێیازە بە ناو حیکمەتیستیەکانی سەر بە کورشی مودەریسی پێشتر تووش بوون  بەڵکو لە بە کار هێنانی شێوازی ناکۆکی کردنی لە گەڵ ئێمە واتە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران  حالەتێکی تری بۆ ئەم دابڕانە تۆمار کردووە ئەویش شێوەکاری ناسیۆنالیستی و راسترەوییە  نموونەش وەك : سووکایەتی کردن بە شەخس  ودانانی ژمارە و هێز  بۆ موخالیفانی خۆی وەك (لە وەلآمەکەی رێبوار ئەحمەد لیدەری حككع بۆ حەمید تەقوایی لیدەری حككا ئەوە دەبینرێ ) .

ئەگەر کەمێك زیاتر چاو بکرێ لە نوسراوە و بڵاو کراوەکانی ئەو حیزبە  ئەوە هەندێ دەربرینی وا دەبینی کە پێشترلە لایەن  خودی ئەو هاورییانەی  حككع بە رابەرانی یەوە بگرەتا بە کادران و ئەندامانیەوە جێگای رەخنە بووە وەك کە  کاتێ مەلا بە ختیاریەکان و (ی ن ك) پێ یان ئەووتن ئێوە چین لە هەلبژاردنی شارەوانی سلێمانیدا دوو سەد رەئیتان هێنا رێبوار یش بە ئێمە دەڵێ تیپێکی . فوتباڵ سەمیر عادلیش لەوە کەمترمان بۆ حیساب دەکا و موحسن کەریمیش هەر بە چەپی پاڵتاك و ئنتەرنێتمان دەزانی و دواتر ئێمە بە سفر دائەنێن ئایا هاوشێوەیەك لەو دوو شێوازەدا نابینرێ ؟

عەبدوڵا موهتەدی بە مەنسوری حیکمەتی ووت تۆ تێکدەری ریزەکانی کۆمەڵە بووی و کۆرشی مودەریسی و رێبوار ئەحمەدیش بە حەمید تەقوایی دەڵێن تۆ تێکدەری ریزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بووی کەم عەقڵ بووی  لە کاتێکا ئەوان ئەوە نادرکێنن دوو خەتی سیاسی جیاواز و دوو رەوتی کۆمەڵایەتی جیاواز ئەو تێکدانەی( بە قەولی ئەوان ) بە نە نجام هێناوە نەك بێ عەقڵی م زحیکمەت  یا ح  تەقوایی هۆکەی ئەخلاقی نیە بەلکو سیاسیە ئەوەتا رۆژانە لە سیاسەتی ئەم لایەنانەدا دەر ئەکەوێ .

یا ئەگەر سەرنج بدەن کە رابەرانی حككع ئەو قەوانە زۆر دووبارە لێ ئەدەنەوە کە بە ئێمە و بە حككا دەڵێن چەپی سوونەتی و ئایدیۆلۆ جیایی لە گەڵ واقیعەکەدا نین و دوورن لە کۆمەڵگاوە وناتانەوێ کار بکەن و  ....ئەمەش ووتەیەکی هاوبەشی ئەوانە لە گەڵ راستی کۆمەلگا بە حیزبی شیوعی عێراقیشەوە لە بەرانبەر کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بە کاریان هێناوەو کە ئەوان زیاتر پێان ووتووین ئێوە قسەی کتێب ئەکەن لە گەڵ  واقیعەکەدا ناگونجێن وخەبات ناکەن و تا ئێمە خەبا تمان ئەکرد ئێوە هەر دیار نەبوون .بەراست  ئەرێ دەبێ ئەوە وەلأمی ئێمەبێ کاتێ بە ئێوە دەڵێین لە فلانە مەسەلەدا راست بیر ئەکەنەو ەیا ئەوە پەیوەندی  چی یە بەوەی کەدەڵێین ئێمە جیاوازی سیاسیمان هەیە؟  .

با لەوەش گەڕێین ئەگەر ئێمە ددوورین کار ناکەین لە کۆمەلگا ئەی ئەوە  هاورێیانی ئێمە نین لە ناسریە کرێکارانی بەشی تەندروستی لە کۆبوونەوەی گشتی شوراکەیاندا  بە نوێنەری خۆیان هەڵیان دەبژێرن ئەگەر کار ناکەن بۆ هەڵیان دەبژێرن  یا ئەگە هاورێیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران  نایانەوێ کار بکەن ئەی بۆچی رابەرەکانی خەلأتی یەکەمی ساڵیان پێ ئەدرێ لەمەیدانی کار کردن بۆ  ئینسانیەت و بۆ سکۆلاریزم لە لایەن کۆمەڵگای متەمەدینەوە  هەروەك خەلآت کردنی یەکەمین سکۆلاریستی جیهانی ساڵی پارلەلایەن دانیشگای لەندەن بۆ موریەم نومازی ئەندامی مەکتەب سیاسی و خەلآتی ئینساندۆستی یەکەمی کەنەدا ی ساڵی پار بۆ هوما ئەرجمەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ئەی ئێوە لە مەیداندا هەن کار دەکەن بۆ رزگار کردنی ئینسان کامە خەلآتتان وەرگرت، ئەی ئەگەر ئێمەو حككا کار ناکەین ئەو هەموو سایت و رۆژنامانەو رادیۆو تەلەفزیۆنانە چین رۆژانە سەرکردایەتی و  و رێنوێنی خەبات و ئیعترازاتی کرێکاری و ژنان و لاوان و جەماوەری ئێران و عێراق دەکەن بۆ بە سیاسی کردنەوەیان و گرێدانەوەیان بە خەباتی رێکخراو و ئامانجی سۆسیالیستی یەوە کە خەلکی پەیوەندی تەلەفونی یان لەگەڵ  دەگرن  بەتەلەفزیۆن کۆمەك دەکە ن گفت وگۆ دەکەن  ودەنگی ئەو خەلکە بە جیهان دەگەیەنن وە ئەم تەلەفزیۆنەیە کە بە سەتەلایتی چەپی ئێران و جیهان ناودەبرێ ملیۆنەها ئینسانی ئەم گۆی زەویە دەیبینن .

رەخنەی ئێمە لە ئێوە ئەوە نیە کە کار ناکەن بەڵکو ئەوەیە کە کار بۆ سۆشیالیزم  ناکەن ئەو ریگایەی ئێوە و ئەو سیاسەتەی ئێوە لە کار و سیاسەتی لیبرالیستی و ئازادیخوازی زیاتر نیە لە باشترین حالەتیدا .

لەوانەیە بڵێن ئێستا کاتی ئەم باسانە نییە من دەیکەم بەڵام لە راستیدا ئەم سەرنج و رەخنانە دەبێ هەبن لە کاتێکا کۆسپ هەبێ ناکرێ بێدەنگەی لێ بکرێ لە هەمان کاتدا دەبێ باس لە مەسەلە گرنگەگانی تریش بکرێ بۆ منی هاوخەتێکی سیاسی و فیکری وعەمەلی رابەرانێکی وەك مارکس و لینین و مەنسور حیکمەت ئەرکێکە چونکە ئەوانیش هەمان ئەو کارەیان کردووە کە من کردوومە هاوشانی رەخنەیان لە کۆمەڵگاو لایەنە سیاسی یە بورژوایەکان , سەرنج و رەخنەیان هەبووە لە سۆشیالیستە بۆرژوایەکان و ئۆپۆرتۆنیست و پۆپۆلیستەکان بێ ئەوەی بڵێن ئەمە کاتی نیە و گرفتی ئێستامان نی یە بە وەزیفەی خۆمانی. نازانین .